www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:59بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# گەنج و (ئینتیها) نەک (ئینتیما) ی نەتەوەیی! ... شاخەوان عومەر سلێمان

Shaxawin@yahoo. com



وتەی زانایەك هەیە ئێستا ناویم لەیاد نییە دەڵێت: هەموو کەس زیاتر باسی ئەو شتەدەکات کەنیەتی، ئەمەش وامانادەدات، کە باسکردنی بەردەوامی ئینتیمای گەنجان بۆ خاك و وڵات و کێشە نەتەوەییەکەیان، دەلالەت لەنەبوون و نەمانی ئەولاگیری و قەناعەتەدەکات لەلایەن لاوان بە دڵسۆزیان بۆ وڵاتەکەیان.
گەرچی کێشەی لەدەستدانی ئەوەی کە پێی دەڵێن (ئینتیمای نەتەوەیی) بە گشتی کێشەی دەستنیشانکردن و پەنجەلەسەردانانی ئاستەنگ و لەمپەر و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نیە لەلایەن لاوان، واتا کاتێك ئەوباس و خواسە بۆ سەرلەنوی نوی دەکرێتەوە، مانای وانییە هەوڵێك دەخرێتە گەر بۆ دیتنەوەی خاڵە لاوازەکانی هۆکاری کزبوونی ئینتیما لای لاوان.
چونکە لەڕابردودا کۆمەڵێك هەوڵی گەورە و گرنگی ئەکادیمی و پسپۆڕی خرانەگەر، کە هەندێکیان مەنتقیانە و بەپێوەرەکانی زانستی توانیان بابەتیانە ئەوکێشەیە شەن و کەوبکەن و لە پلانی داڕێژراوی ماعقول نزیك ببنەوە، بەڵام مخابن وەکو بینیمان هەنگاوەکان تەنیاکات بەفیرۆدان و خۆماندوکردنی تواناکانی ئەو کەس و لایەن و دەستانەی لێکەوتەوە کە کاتی خۆیانیانی پێوە خەریکردبوو.
بە هۆی پشتگوێخستنی ئاکامەکانی هیلاکبوونی ئەوان لە دەرئەنجامی بەدواداچونەکانیان، هەرلەبەر ئەمەش، گەر نیاز وابێت لە نوسینێکی وادا بکارێین دیسانەوە بۆ چەند بارە لەسەر لاموبالاتی و خەمساردی گەنجان قسەبکەین، یان ئەوەیە کەشتێك زیاتر ناڵێین لەوەی پێشوتر وتراوەو وتومانە، بەپشت بەستن بەو ڕاستیانەی کە ساڵانی نەوەد بەدواوە، پاش ئۆغرکردنی بەکۆمەڵی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەم بابەتە گەرموو گوریەکی بەخۆەبینی و بۆماوەیەکی باش چەند دەزگاو ڕێکخراوێکی حکوومی و حیزبی بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە خۆیان بەو کێشەیە سەرگەرمکرد، بەڵام وەکو پێشتریش گوتم ئەو هەوڵانە تەنیا دانیشتنی بەرکۆندیشن و خواردن و خواردنەوەی بیپسی قتوو و برنج و ڕۆنی خۆماڵی لێکەوتەوە، کە لە جێگای ئەوەدا دەبوایە هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو گفتوگۆ زانستیانە بوبانە بناغەی پلانێکی مەحکەم و مووکوم دەست بەجێ و بەپەلە حکومەت کاری لە سەرکردبا.
ئەزمونیش دەریخست زیاتر ئەوەی خەڵکی بەهیلاکەتی بردوەو سەبری نەهێشتون و تورە و بێزاری کردون، هۆکاری نەکردنی ئیشی حکومەت خۆی بوە لەکاتی خۆیدا، لێرەدا ئەهەمیەت و کاریگەریی هەرنیازێکی دڵسۆزانەی هەرلایەن و کەسێك بەوەی حکوومەت بەگرنگیان وەرناگرێت بەهای خۆی لەدەستدەدات، جا لایەنی خاوەن دەستەڵات بەهەر بیانویەك چارەسەری کێشەیەك دوابخات.
چونکە مامۆستایەکی زانکۆ نوسەرێکی دیار توێژەرێکی کۆمەڵناسی کەدێن بەشداری لە گۆنگرەو کۆنفراسێك دەکەن و کاتێکی خۆیانیانی بۆ تەرخان دەکەن، بەهرەو تواناو فکرەی خۆیانی بۆ

خەرجدەکەن، پاش ئەمانە لایەنی دەسەڵات بەدەست نایەت بەزوترین کات بەدوای باسەکان خەمی چارەسەرکردنی بخوات گەر ئەمەمانای بێنرخکردنی هەوڵی کەسانێك نەبێت چناوێکی لی بنریت.

ئێستا گەنج پاش دیتنی ئەو فیلمانەی رۆژانە لە سەرپەردەی کۆمەڵگاکەی کە تەنیا سەرەتایان هەیەو بی کۆتایین، لەناخی خۆیدا وەکو قەولی (ولیەم رایش) دەبێتە پیاوی بچوك و بچوکتر دەبێتەوەو بڕواو قەناعەتی بەخۆی و دەوروبەرەکەی زیاتر لاوازدەبێت، کوردەواری خۆمان دەڵێت هەزارقسەو یەك کردار، گەنجی کوردستان خوازیارە لە هەزار ئەو وادەو بەڵێنانەی کەپێی دەدرێن تەنیا یەکێکیان لی جی بەجی بکرێت.

لاوی ئەم وڵاتە کەتائێستا بەسواری فرۆکە سەفەری نەکردبێت، لە سەرکوشینەکانی شەمەنەفەر دانەنیشتبێت، قەراغ دەریاو کەشتی و گەشتی دەریبای نەناسیبێت، پێشتر شارێکی یاری لە شارەکەی شك نەبردبێت، بە ژیانی خۆی و باوکی وڵاتَێکی نەدیبێت، بەرگو پۆشاکێکی وای بۆ نەکردرێت کە بەبی شەرمی بتوانێت پێیانەوە بێتەناو خەڵك، لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریدا تروسکاییەك لە ئاسۆی خۆیدا بەدی نەکات، نەتوانێت و رێگەی پێنەدرێت رازێك لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بگۆڕێتەوە، گەرتوشی نەساغیەکی پێوست بەدەرەوەی وڵات بو نەتوانێت سەفەرەکەی رێکخات بەسواڵ و سەدەقەشبێت.

کەلەوسەرەوە گەرمی هاوین و ساردی زستانی لە ژورە پیسوپۆخڵەکانی مەتەبەکەی پێبکەوێت کۆتاییەکەی 120 هەزار موچەکەی بێت، کەرێگای دەکەوێتە فەرمانگەکان لە پرسگەو ژوری بەرێوەبەرو دالانەکانی دائیرەکان ساڵێك بێت و بچێت، گەر حەزی بۆ مۆزیك بچێت و بەهرەی هونەری هەبێت، ئەوساش باوکی ئاواتەکەی ژێرگڵ نەکات کەسێك نیە دەسگیرۆیی بکات.

دەبێت هەموو دایك و باوکێك هەر حکومەتێك ئەوراستیە درك بکەن، کە گەنج چ ئارەزویەکی هەبێت محاڵە لەوە زیاتر پەنابۆ کارێکی دیکەببات گەر زۆر ناچاری نەبێت، وەکو ئەو دەرچوانەی کۆلێژ و پەیمانگاو ناوەندەکانی دیکەی بەرزی خوێندن، چونکە حکومەت بەموچەیەکی موناسب دایاننامەزرێنی گشتیان رویانکردۆتە تەڕەفرۆشی و حەماڵی و پۆلیسی و کەناسی، (لەگەڵ رێزێکی زۆرم بۆ ئەهلی ئەو سنعاتانە و ئەوەی دەیکەن جێگای سەربەرزیانە) بەڵام لێرەدا مەبەست رونکردنەوەی بی بەهابونی بڕوانامەی گەنجانی قەلەندەرو دەرخستنی واقیعێکی تاڵی نەخوازراوی قوتابییە.

ئەی ئەو گەنجەجوانانەی کە لە قاوشەکانی خەستەخانەکان بەشەرمەوە پاشەرۆك و پیسایی نەخۆشە بەتەمەنەکان پاکدەکەنەوەو هەندێك لە ترسی ناسنەوەیان لە لای برادەرە خواپێداوەکانیان دەمامکیان کردوەوە و هەمیشە ملیان کەچە، لێرەدا موسیبەتەکان هێندەنییە کە تەنیا کێشەکان دەوروژێنین و بۆ رۆژی پاشتر بە بی باکیان دەسپێرین، بەڵکوماڵوێرانیەکە لێرەدایە، کە گەورەترین سەرماییەی مرۆیی کوردستان کە توێژی لاوانن ئەمرۆ کڵوڵ و سەرگەردان و قەلەندەر کەوتونەتەوە، یان ئەوهێزە رەمزییەی کەهەیانە لەدەرەوەی وڵات بەفیرۆ دەچێت لە جیاتی قازانج بەخشینی بۆ هەرێمەکەمان کە زۆر پێویستی پێیەتی هەمووی دەرژێتە بازارەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی.

ئێستا گەنجانی کوردستان بەکۆمەڵ لە دەرەوە توانا و بەهرەو زانینەکانیان خستۆتە خزمەتی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و تەنانەت هەندێکیان سقوتی جنسیەشیان کردوەو خۆیان لە کوردبون شۆریوە، باشە پرسیار ئەوەیە هەڵسوڕاوان و بڕیار بەدەستان و خاوەن دەستەڵاتەکانی ئێرە نەدەکرا کارێکیان بکردبا ئەم هەموو زێرەسپیە بۆ کوردستان بگەرابایەوەو، ئاخر گەر کارێکی وابکرابا کەی خۆپیشاندان و نارەزایی و توڕەبوون و دڵشکان گەنجانی ئاوا بی تاقەت دەکرد.

پرسیارێکی دیکە دەکرێت ئەوەبێت ئاخۆ لای ئێمە هیچ دەستەڵاتێك دراوە بەگەنج، لەکام پێگەو پاییەی لێپرسراویەتی لاوان کاربەدەستو دەسترۆیشتون، گەر بەرپرسێکی حکومی یان فەرمان دارێکی حیزبی گەنج بێت ئەمانە پێوەرنین و ناکرێن وەکو ئامازەی گەرانەوەی دەستەڵات بۆ ئەو توێژە بیناسێنین.

نمونەی لەم جۆرە لە جیاتی چارەسەرکردن ئیشکالیەتەکە بەپێچەوانەوە فەزلّی گەنجێکی بەسەر ئەوی دیکەد داوە، چونکە کێشەی لاوان کێشەیەکی کەسی تایبەتی تەنیا نیە بەڵکو ئەو گرفتە گرفتێکی کۆمەڵیە و هەولّی چاکردنیشی دەبێت هەولێکی کۆکراوەی چەند بیرو فکرو پرۆژە و ئەزموونی هاوبەش بێت.

چەندین گەنجم بینیوە بێزاری خۆیان لە دیاردەیەکی دیکەی ناو دەزگاکانی حکومەت نیشانداوە، تورەن لەوەی کە بۆچی چەندێکی کەم لە خەڵکانی فەرمانبەری پلەدار لە حکومەت ژیانێکی روفاهیەت بژیێن و لە سەر حیسابی میزانییەی دائیرەکانیان خۆیان و منداڵ و کەس و خزمەنزیکەکان تەکوین بکەن، هەرلەهەمان فەرمانگەش زۆرێکی زۆر فەرمان بەر هەبێت جیالە موچە دیاریکراوەکەی کە ژیانێکی کولەمەرگی پی بژێت، هیچ هاوکاری و پاداشت و زیادەیەك لە موچەکەی خۆی بەسەرەوە وەرنەگرێت.
دانی فەزلّی یەکێك بەسەر هی تردا گەر بنەمایەکی دورست و رەوایەتی تێدا نەبێت گەورەترین بە هەڵەداچونە و سازکردنی ئافاتێکە بەدەستی خۆمان بۆ خۆمان، ئاشکراشە سەرچاوەی تورەبون و تۆرانی گەنجان لە وڵاتەکەیان ئەو دەردە بڵاوەیە کە لە ناو کۆمەڵگاکەمان دەیان و سەدان چینی خەڵکی جیاواز جیاوازی دورستکردوە، راستە لە هەرسەردەم و زەمانێکدا فەرق و جیاوازی هەبوە بەڵام کۆمەڵگایەك و دەیان چین نەبووە.
حکومەتی خۆمان بۆ راستەرێکردنی ئاراستەی کۆمەڵگاو شێوازی یاساکان لە نێوان سود بینین لە تیۆرەکەی (ماکیاڤیلی) ئیتالّی و دیموکراتیەتی یۆنانی (سوقرات و ئەفلاتۆن) ئەوەی دوەمیانی هەڵبژاردوە، کەواتە لە سەریەتی پلان و بەرنامەو تاکتیکی وڵاتانی ئەوروپا پەرێوکات وەکو حکومەتێك کە داوای ئەرك لە هاوڵاتیان دەکات دەشبێت مافیان بۆ مسۆگەربکات، گەر لە سەر فەرمانبەرئەوەیە پابەندی کارەکانی خۆی بێت لە سنوری ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات بەپێوەری کاتژمێرەکان، لە بەرامبەردا حکومەتیش ئەرکی دابینکردنی شوێنی حەوانەوەو بژێوی ژیان و بیمەی تەندورستی و کۆمەلایەتی بۆ هاوڵاتیەکانی بە ئەستۆە بگرێت.
کە حکومەت بەهەرهۆیەك سادەترین مافی هاوڵاتی بۆ دەستەبەرناکرێت بۆ نمونە ئاو یان کارەبا ئەوا نەك پێویستە چاوپۆشی لە ئەرکەکانی سەرشانی خەڵکی بکات بەڵکو دەبێت، کابینەکەشی هەلّوەشێنێتەوە، کە ئەو مافانە دابین ناکرێت هێندەش لە سزادانی خەڵك لە سەر هاتنە سەرشەقامێك یان پیشاندانی نارەزاییەك نابێت توند و تیژبێت.
باشتر ئەوەیە لێگەرێن ئەو قین و بوغزو زوخاوەی کە لەدڵی گەنجانی خوێن گەرم پەنگی خواردوە بێتەدەروە و ناخیان خاوبێتەوە، ناکرێت تۆ بەیاسای ئەوروپا دوای ئەرك لە گەنجان بکەیی و خۆشت بە قانوی هەموشتێك بۆ خۆم و هی تۆش دەخۆم مامەڵە لە گەڵ گەلەکەت بکەیت، ئەو خەڵکەی لە سەردەمانی شۆرشی شاخدا ماڵ و سەر و سامانیان بۆ پێشمەرگە لە بەرچاونەبو، ئەزیزان! ئەو گەنجانەی کریڤی تاقەت چونیان بەئەندازەی پلەی گەرمای هاوینە بی کارەباکانی کوردستان هەڵدەکشێت دەزانن روحی هەریەکێکیان هەموو کارەبای کوردستان دەهێنی و عەقلیشیان پێدەشکێت گەر کارەبایەك بە بەخیشنی ژیانی تاکە کەسێکیان دەسکەوێت ئەمە بەزیانێکی گەورەدەزانن، چونکە سەرئەنجام مرۆڤ خۆی مەزنترین و پربایەخترین سەرماییەی مرۆبییە، بەلام ئێوە ناتانەوێت یان بەلاتانەوە گرنگ نییە بزانن، کە دەبێت چ تورەبونێك بێت وای لە گەنج کردبێت خەون و خولیاو حەزسەرشێتەکانی قۆناغە هەستیارەکەی لە بەرچاو بی نرخ بێت و خۆی بکاتە قوربانی دەسکەوتێکی دونیایی.

ئێوه دەزانن دڵی گەنج وەكو شوشەیەكی ناسكی كرِیستاڵی یە، دەبێت بە دەستێكی ئاگاییانەی هەستیارەوه گەر بتەوێت لێی نزیك كەویەوه نەكا لە غەفڵتیەكدا بیشكێنی یان درزی تی بخەیت، گەر حكومەتیش ویستی قسەی بۆ بكات نابێت بەدەگی زبر گەورەو سەدادەرەوه مامەڵەی بكات، چونكە كە شووشەكەشكا بەهیچ هێزێك وەكو پێش شكانەكەی لێنایەتەوه، ئێوەش گەر دەتانەوێت چیتر سەرشەقام و شۆستەو رێگاو بانەكان بە پارچەی وردوو خاشی شوشەكانن سپی نەچن بەدەم داواكاریەكانیانەوه بچن و نازیان بكێشن و دڵیان رابگرن.
ئەوان راستە گەر دڵیان خۆشبێت و جێگیرو ئارامبن شارو كوچەو كۆڵانەكاتنان بۆ پرِدەكەن لە تریقانەوەو پێكەنیین و خەندەبەشینەوه، بەڵام نازانم ئێوه بۆناتانەوێت ئەو راستیەش بزانن هەر ئەوانەی كە بزەو پێكەنیینان لێدەبارێت رۆژگارێك گەر تورِەیان بكەیت و بیان رەنجێنی قین و قەهرو بێزاری وەك لێزمەی
باران دادەكەنە سەرخۆیان و ئێوەش. 12- 10-60